# " ئەگەر ڕێگەت کەوتە وڵاتی کۆنگۆ وریابە نەتخۆن !! "

***تێبینی: تکایە ئەم وتارە مەخوێنەوە ئەگەر دڵت بە وێنەی ناشیرین تێک دەچێت و توانای تەماشاکردنی دەست و قاچ و سەری مرۆڤی مردووت نییە...***

**ڕەنگە بڕوا نەکەن و ئەو ناونیشانەی سەرەوە بە گاڵتە وەرگرن ؟ بەڵام بڕوام پێبکەن کە سەد دەر سەد ئەوە ڕاستەو هیچ جێگەی گومان نییە .. دەڵێن لە جەنگەڵەکانی (ئەمازۆن) لە بەرازیل تا ئێستاش جێگای زۆری هەیە کە دەستی مرۆڤی پێنەگەیشتووەو هەندێک گرووپ لەو جەنگەڵەدا دەژین کە بە هیچ جۆرێک شارستانیەت نەگەیشتووەتە ناویان.. بەڵام تا ئیستاش بە ڕاستیی ئەوە نەسەلمێنراوە لە لایەن زانایان ، یان بەچاو نەبینراوون ، وا بۆ ماوەی 3 سێ ساڵێک دەبێت لە وڵاتی کۆنگۆی دیموکرات کار دەکەم ، ئەم وڵاتە کە بە وڵاتی (زائیر) ناسرابوو لە کاتی کۆلۆنیالی (بەلجیکا) و لەساڵی 1960 لە ژێر چنگی بەلجیکا دەرچوو و بووە وڵاتێکی سەربەخۆ ، ڕەنگە زۆربەتان ناوی شۆڕشگێری بە ناوبانگی ئەم وڵاتەتان بیستبێت بە ناوی (پیاتریس ئەمیری لومومبا) کە پاش ماوەیەکی کەم لە ساڵی 1962 کە سەرۆک وەزیران بوو بە پیلانێکی بەلجیکاو بە یارمەتیی هەندێک خائینی ناوەخۆ دەستگیر کراو پاشان تیرۆریان کرد...**

**کۆنگۆ وڵاتێکی زۆر گەورەیە ، دانیشتوانی دەگاتە 50 ملیۆن کەس و ڕووبەری زەوییەکەی (1و425و000) ملوێنیک و چوارسەدو بیستوبێنج هەزار کیلۆمەتری دووجایە و لە 80% ڕووبەرەکەی بە جەنگەڵێکی زۆر چڕ داپۆشراوە (*بەداخەوە نەمتوانی وێنەیەکی جەنگەڵەکەی دابنێم چونکە قەوارەکەی زۆر بوو*)، زۆربەی ئەو جەنگەڵە تا ئێستاش کەس ناوێرێت بچێتە ناویی ، تەنیا ئەو قەومەی تێدا دەژێت کە لە کۆنگۆ پێیان دەڵێن (پیگمیز) و جەنگاوەرانی (مای مای) کە هەردوولایان گۆشتی ئینسان دەخۆن (مرۆخۆرن) ... زۆر گەڕام و پرسیارم کرد تاکو بگەمە ڕاست و دروستیی ئەم شتە ، لە پێشا بەوە دەستم پێکرد تاکو بزانم خەڵکی ئەم وڵاتە داب و نەریت و ڕەوشتیان چۆنە ؟ لە وتارێکی پێشوومدا کە لە ڕۆژنامەی (میدیا) ژمارە 148 لە لاپەڕەی 9 ڕۆژی 01-10-2003 بڵاوکرایەوە باسی زۆربەی ئەو دابونەریتانەم کردبوو ، وەلێ ئەوکاتە نەگەیشتبوومە ئەو قەناعەتەی کە جگە لەگۆشتی مارو ، تیمساح ، میروولە و مێش و سەگ و پشیلەو کرم و ...تد هەیانە گۆشتی مرۆڤیش دەخۆن ؟!! تاکو بەرێکەوت لەگەڵ هەندێک لە ئەندامانی هێزەکانی ئاشتی پارێز و چاودێرانی UN باسی ئەم مەسەلەیەم لەگەڵ کردن و گوتم تا ئێستا من هیچ بەڵگەیەکم دەست نەکەوتووە ئەو ڕاستییە بسەلمێنن بۆم کە پیگمیزو مای مای گۆشتی مرۆڤ ئەخۆن ، یەک دوانێکیان گوتییان باشە سبەی ئێمە وێنەکانت بۆ دێنێن کە بە دەستی خۆمان گرتوومانە و بزانە چۆن دەست و لاق و سەری مرۆڤ ئەکرۆژن و بە کەماڵی ئیسراحەت ئەیخۆن ؟ ئیتر بزانین چۆن بڕوا ناکەیت !!! کە وێنەکانم بە چاوی خۆم بینی و ئەو کەسەی کە بە کامیرای خۆی گرتبوونی ئەوجا بە تەواوەتی بڕوام کرد و بڕیارمدا کەلەسەری وتارێک بنووسم تاکو خەڵکی کوردستان زانیارییان دەربارەی ئەم وڵاتە**

سەیرو سەمەرەیە زیاتر هەبێت ، خۆ ئەگەر وێنەکانم لانەبووایە ئەوە نەمدەوێرا هەر باسیشی بکەم چونکە کەس بروایی نەدەکرد لە هەزارەی سێهەم و سەدەی 21 دا تا ئێستا گەلێک هەبێت گۆشتی مرۆڤ بخوات .. *بە داوای لێبووردنەوە ناچارم وێنەکانتان نیشاندەم تاکو بە چاوی خۆتان ببینن و بروام پێبکەن...* چونکە وێنەکان زۆر قێزەون و نالەبارن و مرۆڤ بێزیان لێدەکاتەوە ، بەڵام تەنیا بۆ سەلماندنی راستییەکانە...



بزانە چۆن زەلامەکەی کە تفەنگەکەی بەدەستەوەیە دەستی کابرای نەگبەت دەخوات

ئەوانەی سەرەوە پێیان دەڵێن جەنگاوەرانی (مای مای) کە بەزمانی (سواحیلی) بە مانای (ئاو) دێت ئەم وشەیە لەزمانی عارەبی وەرگیراوە (مای، ماء) و ئەم جەنگاوەرانە جادوگەر (سیحرباز) یان هەیە و لایان وایە کە گوللە نایانبرێت ، بۆیە لەکاتی هێرش بردن هەموویان پێکەوە هاوار دەکەن (مای مای مای) و هێرش دەکەنە سەر نێچێرەکەیان ، لام روون نەبووەتەوە تا ئێستا کە ئایا راستە گوللە نایانبرێت؟ ، بەڵام پێمووایە کە خەڵکی ئێرە چونکە زۆر برووا بە جادو دەکەن ، یان رەنگە هەر لە ترسا بێت کە دەڵێن ئەمانە گوللە کاریان تێناکات .. مای مای قەت خۆی ناشوات و بۆنی سەگی تۆپیو لەلەشیان دێت ، ئەگەر نزیکیان راوەستیت خۆت پێناگیرێت لەبەر بۆنیان ، چونکە مای مای بروای وایە ئەگەر خۆی بشوات سیحرەکەی بەتاڵ دەبێت و ئیتر گوللە دەیبرێت ، رەوشتێکی سەیری تریان ئەوەیە کە نابێت هەرگیز بە رۆژ نزیکی ژن بکەون تەنیا بەشەوان نەبێت ئەمەشیان هەر دیسان دەڵێن سیحرەکەمان بەتاڵ ئەبێت ، مای مای لە ناو جەنگەڵە چرەکانی کۆنگۆ دەژین بەڵام بۆ پەیدا کردنی خۆراک لە ئاژەڵ و مرۆڤ و شتی دیکەش هێرش دەکەنە سەر گوندە دوورەکانی وڵاتەکەو

هەرچیەکیان چنگ بکەوێت دەیبەن و ئاگریش لە گوندەکە بەردەدەن و ئەوەی لە گوند نشینەکان بەرەنگاریان بێتەوە دەیکوژن و پاشان نۆشی گیانیان دەکەن....



**ئاهەنگێکی دیکەی مرۆڤ خواردنی مای مای**

**ئەو دوو وێنەیەی سەرەوە هەردووکییان وێنەی جەنگاوەرانی (مای مای)یە چونکە گرووپی دووەم کە ناوەکەم بردووە بە (پیگمیز) ناتوانرێت یان نەتوانراوە تاکو ئێستا وێنەیان بگرن چونکە ئەوانە لە قوڵایی جەنگەڵەکانی کۆنگۆ دەژین کورم ئەوێ بوێرێت بچێتە ناو ئەو جەنگەڵەوە ، یەکسەر ئەبێتە ژەمێکی بە تامی پیگمیزەکان ...**

**ئەو دوو وێنەیەم پێش چەند هەفتەیەک ناردبوو بۆ برای بەرێزم هونەرمەند کاک حەمە رەشید هەرەس لە کەنەدا ، بۆ دووەم رۆژ نامەیەکی بۆ ناردبووم و ئاوای نوسیبوو *( ئای باوکە رۆ ، بۆ خاتری خوا ئەوە تۆ لەوێ چی ئەکەی ، باوکم ئەمە کەی نان پەیاکردن ئاوا ئەبێت ، هەتا زووە پیاوی چاک بە برۆرەوەو با نەڵێم برایەکم لە ئەفریقیا خورا) ..***

**لە وتارەکەی پێشوومدا لە میدیا کە لەسەرەوە باسمکردووە گوتبووم کە خەڵکی کۆنگۆ هەموو شتێک دەخۆن بە داخەوە ئەو کاتە ئەم وێنەیەی کە لە خوارەوە دەیبینن دامنەنابوو فەرموو تەماشاکەن چۆن کۆمەڵە کرمێکیان ئامادە کردووە بۆ خواردن (بەکاڵێش دەیخۆن نەک بە برژاندن ) !!!**



.

هەندێک کرمی جۆراو جۆر ئامادەکراوە بۆ خواردن..

خۆ تەنیا مای مای و پیگمیز لێرە مرۆڤ ناخۆن بە ڵکو مارو تیمساحی گەورەو زەبەلاحیش هەیە کە زۆر بە ئاسانی دەتخوات ، ئەگەر خوانەکەردە تووشت بوون ئەوە رزگار بوونت زۆر زەحمەتە ، ساڵی 2003 هەواڵ گەیشت کە لە یەکێک لە ناوچەکانی (کیسەنگانی) لە کۆنگۆ مارێک زەلامێکی قووتداوە ، پاشان تیمێک لە شارەزایانی جەنگەڵ پێکهات تاکو بە دوای مارکەدا بگەڕێن بۆ ئەوەی بیگرن و جەنازەی ئەو قوربەسەرە لە ناوسکی مارەکە دەربێنن و بیدەنەوە دەست خاوەنەکەی ، تیمەکە بە ماوەی 2 رۆژ توانییان مارەکە بگرن و ئەو زەلامەی کە خواردبووی لە سکی مارەکە دەربێنن ، فەرموو تەماشایەکی ئەم مارە (ئەژدیها) یە بکەو ئەوجا بروا بکە:



تەماشای درێژیی مارەکە بکە لە ناوەراستدا ئەو ئەستوراییە لاشەی زەلامەکەیە کە قووتی دابوو.

*ئەم جۆرە مارە ناوی (بوا)یەو لە کۆنگۆ یەکجار زۆرە ، لە راستیدا خەڵکی کۆنگۆ زۆر راویدەکەن و دەیخۆن ئەم مارە ژاراویی نییە ، زۆر ئاساییە کە ببینیت کابرایەک وا پارچەیەک لەو مارەی بەسەر*

*شانەوەیەو دەیفرۆشێت بە خەڵکی وڵاتەکە..* بەهەرحاڵ پاشان مارەکەیان کوشت و لاشەی زەلامەکەیان لە سکی دەرهێنا.، تەماشای ئەم وێنانەی خوارەوە بکە :



**مارەکە پێش ئەوەی سکی بدرن و لاشەی زەلامەکە دەربێنن**



**دەرهێنانی لاشەی زەلامەکە لەناو سکی مارەکە**

**ئەوە سەرگوزشتەی مارەکە بوو ، تیمساحەکەش بە هەمان شێوە زەلامێکی قووتدابوو پاشان گرتیان و لاشەی زەلامەکەیان لە سکی دەرهێنا لەبەر ئەوەی قەبارەی وێنەکان گەورەن ناتوانم هەموو وێنەکان دابنێم بەڵام هەر بەرێزێک ئارەزووی کرد ئەوا بەچاوان با پێوەندیم پێوە بکات هەموو وێنەکانی بە**

**ئیمایل بۆ ڕەوانەدەکەم ...بەڕێزان کۆنگۆ تەنیا هەر ئەوە نییە کە باسمکردووە ، بەڵکو شتی زۆر جوانیشی هەیە لە سەیرانگاو جێگای زۆر خۆش و دڵگیر ، با ئەو باسە جێبێڵم بۆ نووسینێکی دیکە ...**

**فەخرەدین گەرمیانی – کۆنگۆی دیموکرات**

**2005-01-18.**